# چەن ساڵ گوڵی هیوای ئێمەی پێ پەست بوو تاکوو پار
## (( تا شاهەنشا لوتفی فەرموو لەگەڵ جوتیاروو کرێکار ))

**قوبادی جەلی زادە**
jalyzada@yaho.com



**حەسەن زیرەك ، هونەرمەندێکی میللی یەکجار گەورەیە و سامانێکی بەر بڵاوی رەنگین و بە نرخی گۆرانی و مۆزیقای بۆ  بە جێهێشتووین کە نەوە لە دوای نەوە ، وەك کتێبێکی پیرۆز دەیدەن بە یەکتری ووەك گەنجینەیەکی پڕ لە گەوهەر لەناو دل و دەروونی خۆیانا هەلی دەگرن ... بەلام خۆ ئەوە مانای ئەوە نییە ،ئیتر زیرەك ، بوو بە بڤە و نابێ کەم و کوری و هەڵە زەقەکان و گوناهەکانی دیزە بە دەرخۆنە بکەین و نەوێرین پێی بڵێن :    پشتی چاوت برۆیە !!**

**ئەوەندەی بیر لە زیرەك دەکەمەوەو رابردووی شەن و کەو دەکەم و خۆم دێنم و دەبەم ، هەرگیز _ بە داخەوە _ بۆنی گیانی کوردایەتی و ولاَت پارێزی لەو هونەرمەندە گەورەیە ناکەم ، ئەوەندەی لە زیرەکدا بۆم ساغ بۆتەوە ، ئەوەیە کە ئەو  پیاوە تا سەر ئێسقان ، شەیدایگۆرانی ووتن بووە و سەرجەم ژیانی خۆی بۆ ئەم حەزە تەرخان کردووە . وەك من لیٚی تێگەشتبم ، قەت بیری بەلای کێشەی رەوای گەلەکەیدا  گوزەری نەکردووە و هەناسەیەکی ساردیشی لە تاکە یەك گۆرانیشدا بۆ ئازارو ئەشکەنجەو ستەمدیدەی گەلەکەی هەڵنەکێشاوە !**

**ئەم بۆچوونەی من راست بێ یا خوار ، هیچ لە لە گەورەیی حەسەن زیرەکی هونەرمند کەم ناکاتەوە .!، ئەو لە لوتکەیەو ئەو قسانەی من داینابەزێنن .**

**من واتیٚ دەگەم  زیرەك تاوانێکی هەرە گەورەی دەرحەق بە ( نەورۆز ) سرووودی نەتەوەییمانی کردووە و بێ بەزەییانە شێواندوویەتی کە ناکرێ چاوی لێ بپۆشین و دەکرێ بیخەینە ناو قەفەسی ئیتیهامەوە ! جا چ لە رووی شێواندنی ئاوازەوە بێت چ لە رووی سەروو گوێ شکاندن و زامار کردنی دەقەکەوە بووبێت . گریمان لە شێواندنی ئاوازەکە خۆش بووین و وتمان ئەم بە ستایلی خۆی وتوویەتی «هەر چەنە ئەوەنەی لە گۆرانیەکی عاتفی دەچێت نیە ئەوەندە تامی سرووودی لێ نایەت ،، .... ئەی چ پاساوێك بۆ سەربڕینی دەقەکە بهێنینەوە !؟**

**وا رۆژ هەلاٚت لە بەندەنی بەرزی وولاٚتەوە**

**« رەنگی گولاٚڵەو گەزیزە شەفەق شەوق ئەداتەوە »**

**دیارە لە بری بلێ :**

**خوێنی شەهیدە رەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە !**

**دەزانم ئێوە دەڵێن ، ئاخر برا , با قسەیەکیش بۆ کفن دز بکەین :**

لەسەر دەمی رژێمی شاهەنشایی ، چۆن رێگە بەحەسـەن دەدرا ، لـە گۆرانیـدا نـاوی شـەهیدو خـوێنی شەهید بەرێ !؟ منیش لە وەلأمی ئەم پرسیارەدا دەڵـێم : راسـت دەکـەی بـرا ، بـەلأم ئـاخۆ بلێـی حەسەن زیرەک لەسەر داوایساواک ئـەم گۆرانیـەی تۆمـار کردبێـت و هـەر لەسـەر داوای ئـەوانیش چریکاندبێتی :

چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پی!پەست بوو تاکوو پار

« تا شاهەنشا لوتفی فەرموو لەکەڵ جوتیاروو کرێکار »

ئافـەرین راگەیانـدنی کـوردی ، کوردسـتانی باشـور ، ئافـەرین سـەرجەم رادیـۆو تلفزیۆنـە محللـی و سەتەللاییتەکان ، ، کە رۆژانە سـەدان جـار لـەناو مەشـخەڵی نـەورۆزاو لـە رۆژی تـازەی سـاڵی نـوێی کوردیدا ، خوێنی نەوەی نوێتان بە لوتفی شاهەنشا تـۆو دەکـرد !!! ئەمـە چ بـێ حورمـەت کردنیکـی جەژنی نەتەوەییمانە ، گەر خۆمان ئەوە ریز گرتنمان بێ بۆ جەژنی تاقانـەی نەتـەوەییمان ، ئـەی ئـاخۆ دوژمنانمان دەبێ چیمان پێ بکەن ! ئەی سرroوودە بە جۆش و دڵتەزێنەکان کوان کـە لـە نـەورۆزا رۆحـی شەهیدانی پێ شاد کەین و چەپکە گوڵی ئارامیش بە رۆحی شادی پیرەمێردی گەورە ببەخشیین ! کـوا نەورۆز بە دەنگە زولاڵەکەی صالح دیلان و رفیق چالاک و چەندین مەشخەڵە دەنگـی تـر ! کـوان لـەکام رەفەی بیر چوونەوە تۆزی رۆژگاریان لەسەر نیشتووە !؟

ئەرێ برادەرانی راگەیاندن ئێوە لە گوێی کام « گا » ی مردووا پرخەتان دێ !!!!؟؟؟؟؟؟؟؟؟